سوپای عێراق بنکێی سەربازی لە سنووری تورکیا لەسەر هێلی سفر جێگیر دەکات

ئەندامێکی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، وەعد قەدە پشتڕاستی کردەوە کە لە ماوەی داهاتوودا لەکتێگەیشتن دەبێت لەگەڵ لایەنی تورکیادا سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی سنوور و ڕێگریکردن لە هەرشەکانی تورکیا.

قەدە بە میدیاکانی وت: "عێراق جدییە سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی لەگەڵ تورکیا"، جەختیشی کردەوە لە "هەوڵی عێراق بە دروستکردنی بنکێی لەسەر هێڵی سفر لەگەڵ تورکیا"، ئاماژەی بەوەشکردووە، "دووری ئەندامانی پەکەکە لە سنووری تورکیا لە بەرژەوەندی عێراقدایە و دەبێتە هۆی پێشێل نەکردنی خاکەکەی"، ئاماژەشی بەوەدا کە "گەیشتن بە هەر ڕێککەوتنێکی ئەمنی پێویستی بە دانوستان و لەکتێگەیشتن و گەرەنتی هەبیت وەک ئەوەی لەگەڵ ئێراندا ڕوویدا".

لە ئێستادا سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لە هەرەم و ڕژئاوای کوردستان دژی پەکەکە و هەسەدە ئەنجام دەدات، هێرشەکانی تورکیا هەمیشە ئەو ناوچانە دەکەنە ئامانج کە دەیان هاوڵاتی مەدەنی تێیدا دەبێتە قوربانی.